السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە کاتێکی زووی بەیانیدا هاتە دەرەوە، وچارۆکەیەکی لەبەردا بوو شێوەی لە کۆپانی سەر پشتی وشتر دەچوو لە مووی ڕەش دروستکرا بوو

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە کاتێکی زووی بەیانیدا هاتە دەرەوە، وچارۆکەیەکی* لەبەردا بوو شێوەی لە کۆپانی (زینی) سەر پشتی وشتر دەچوو (یان شێوەکەی دوو خەتی تێدا بوو لە دوو ڕەنگی جیاواز) کە (بنەڕەتدا) لە مووی ڕەش دروستکرا بوو». *(چارۆکە: ئەو جلەیە لە سەرەوەی جلەکانی ژێرەوە لەبەر دەکرێت وەکو بشت وعابا)

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

دایکی ئیمانداران عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- وەسفی هەندێک لە پۆشاکەکانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەکات، ولەوانەش کاتێک لە بەیاندا دەرچوو بۆ لای هاوەڵانی، وچارۆکەیەکی* لەبەردا بوو شێوەی لە کۆپانی (زینی) سەر پشتی وشتر دەچوو (یان شێوەکەی دوو خەتی تێدا بوو لە دوو ڕەنگی جیاواز وەکو کۆپانی سەر پشتی وشتر) کە (بنەڕەتدا) لە مووی ڕەش دروستکرا بوو. *(چارۆکە: ئەو جلەیە لە سەرەوەی جلەکانی ژێرەوە لەبەر دەکرێت وەکو بشت وعابا)

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4293

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee